کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org

29-8-2007 12:54بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## وەڵامێک بۆ کاک عادل چەرمەگایی دەرهەق بە کەسایەتی کاک بەرزان ئەحمەد کوردە... نەوزاد شێردڵ

بەو پێیەی بە ئیسپات چەرمەگاییت بۆیە هەم وەڵام و هەم کەمێك ئامۆژگارییم بۆ نووسیت، دەنا بەر لە بەڕێزییشتان زۆر قەڵەمی نابەڵەد و عەجوول و سەر لێو لە ئێرەیی و ئەسڵەن دوور و نزییك كاك بەرزان نەناسییش لە هەمان سایتیی كوردوستان پۆست ی بەڕێزدا و جگە لە بەحسە ئەكادییمیەكان خۆیان لە قەرەی ئەو قەڵا ڕەخنە زانستیی و جدییانە داو بەڵام سانتیمەترێك چییە هەڵزنانیان حاسڵ نەكرد، بەوە شدا كە چەرمەگاییت ئیتر مەرج نییە وەك دەیان كەسانی تر - خۆم بە نموونە - كە هەر لە ساڵی 979 وە هاوڕێی كاك بەرزانم و ڕۆژانەش وەك گەنجێكی نۆزدە ساڵان و بە درێژایی ساڵان لە خزمەت كاك ئەحمەدی باوكی ئەوو خۆشمدا دەرسی جۆراو جۆری هەڵوێستی پاك فێر بووم ئیتر جەنابت بەو ڕەزمە پڕ تەشهیرە زاڵمانەیە زەنگی گوایا لەبنی هەمبانە دانی پسپۆڕیی خۆتمان بەو نەشازییە بۆ لێبدەیت و مادالیای ئیختراعێكی زانستیی نوێی سیاسییش بدەی لە یەخەی خۆت، جا خۆت بڕیار دەر و بە سنگێكی دوور لە كینەوە گوێ لە م هاوزمانە لە ئەزەل بۆ ئەبەد بێ لایەنەی خۆت ڕادێرە، سەرەتاش چوونكە بووە بە باو با لە سەر متمانەی شەرەف ئەوەت عەرز بكەم كە بەندە نەك هەر لە یەك دینار یا لەتە مەنسەبێكی حیزبیی و حكومیی كوردیی موستەفید نەبووم و خوا نەكردە داوایەكی لەو تەرزەشم قبووڵ كردبێت بەڵكوو قەت بیرم نایەت جەژنانەم لە باوكی زۆر بەڕێزی خۆشم وەرگرتبێت چوونكە مرۆڤی بڕوا بە خۆ و خۆ دروستكەر پێوویستی بە مەرحەمەتی مادی و مەعنەویی كەس نیە و ئەگەر بە نانە سكییش بێت سەربەرزانە ئەم ژیانە هیچە بێ مانایە ئەگووزەرێنێت و ئەو سەروەتە زەوەند و زێڕینەی كە بە جێشی دێڵێت تەنها ناوێكی پاك و پڕ شكۆو زانستێكی ئەكادیمیانەی سوود بەخشە بۆ مرۆڤایەتیی و بەس، هەڵبەتە لەوەش دڵنیاییت كە ئەو كەسەی بۆ ئەبەد ڕەخنەی لێ ناگیرێت تەنها مردووانی گۆڕن كە بێ جووڵە و چالاكیی ڕاكشاوون دەنا تۆ وەك بەدیلێكی ناڕازیی و پرۆفیشیناڵ تر وەرە و خۆت بخەرە سەر ئەو كورسییە حەساسەی لێپرسراوێتیی مەڵبەندێكی چوون پووره هەنگی سلێمانی یا لێپرسراوێتی لقی چواری تێكۆشەر و هەر جێیەكی تری هەڵگرتنی مەسئوولییەتی ڕۆح و بژێوی تاقە دوو سەد خێزان و ئەوسا هەموو هێزی سایكیی و فییزییكی خۆت بە دیوە پۆزەتیڤەكە شیدا بە تەواوی وویژدانتەوە بخەرە گەڕ، بزانم ئەتوانییت مەعسووم لە هەڵە و بوێراو لە ڕێژنەی ڕەخنە و بگرە سەرفراز لە موحاسەبەی سەروو خۆت و گازندەی زۆری جەماوەرییش بۆ تاقە یەك مانگ سەر ڕەحەت پاڵ بدەیتەوە؟! بێگومان نە و، چوونكە ئەو كارانە و خوار ترییش بە شەڕە دەنووكی پشت كیبۆردی كەساس و خۆشباوەڕ مەیسەر نابن و پێویستییان بە وەرگرتنی كۆرسی تایبەت و شارەزایی بوارەكانی سایكۆلۆژییەتی ئیدارە و ڕەخساندنی بواری دەروونی گشتیی - ڕلجو ڕلنفسی ڕلعام - و، پرۆگرامە زانستییە زیهنییە كان ی وەك ئێكسەرساییزی كرووسی دەماخ و ڕاهێنانی بەردەوامی ئۆرگەناییزە كردنی خیتابی فیكریی بەر لە سپییچ و ئەنتی پارانۆیا - جنون عەزەمە و ئەنەلۆژیی یا نێرگزییەتی سەركردە ی نوێ و چاودێریی سلوكی تازە مەسوولی كاراكتەر - فەهلەوی - و سنووری بڕیارە ستراتیژیەكانی كاراكتەری ناشینالیزمی و تەفسیری بیروكراتییەت و هتد. هتدن كە ئەمانە فرە باسگەلێكی زۆر ووردی سیمپوڵاییزەی كەسایەتیی سەركەوتوو یا تەواو ڕووخاویی تاكەكانی كۆمەڵگای مرۆڤایەتیین بە من و جەنابت و سەدانی وەك كاك بەرزانییشەوە كە ئەسەف لە بری خۆت ووتەنیی، گوایا - هەڵسەنگاندنی كەسایەتیی -، ڕێك بە پێچەوانەوە هەمان ڕێچكەی مۆدە بە سەرچوو و ژەنگ گرتووەكەی - لەكەدار كردنی كەسایەتییت - بە بێ گەڕانەوە بۆ میتودە زانستییە فرە ڕەهەندە

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

سایکیی و سیسیۆلۆژییەکان پەیڕەو کردووە، دڵنیاش بە کە ئەم پشتڕاستکردنەوە مەوزووعییەم ئەوەندەی دەستگرتنی دەیانی وەك خۆتە بۆ مەیدانی شوهرەتێکی زۆر بێ سەر ئێشەو پاکتر هەر هێندەش دیفاعە لە کەسایەتیی کاك بەرزانی هاوڕێم و لێشت ناشارمەوە کە بە هۆی نەشارەزاییت یا خۆ گێل کردنت لە یاسای مافی تاکە کەسیی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤدا چەند وویژدانی خوێنەرت ئازار داوە بە هێنانە مەیدانی باسی قەدەر و کارەساتی سووتاندنی گیانی کیژۆڵەیەکی جوانەمەرگی قوتابی ڕۆح پڕ هیواو ئومێدی وەك جەرگەکەی خانەوادەی خۆ ڕاگری کاك بەرزان کە زۆر دوور لە شرۆڤەی باسەکەت و لە ڕێ ی هەست بریندار کردنێکی سەخت و ئێجگار بە ئەنقەستی داییك و باوکێکی جەرگ سووتاوەوە هەستاوویت بەو ئیزافە دوور لە هەموو یاسا و ڕێساکانی ئاسمان و مرۆڤایەتیی یەی کە بە خۆت بزانییت یان نا بە پێی سزاکانی ئەو مافشێلییە کەیسێکی تۆمەتبارییت بۆ خۆت کردۆتەوە، ئاخر هەی مرۆڤ، تۆ کە ئەم کارەساتە بە تۆڵەیە کی ئاسمانیی ئەشوبهێنیت ئەوا ڕێك کارەساتی ئەنفالییش بە ئینتیقامێکی ئیلاهیی بۆ سەر کورد قبووڵ ئەکەیت و ڕاستتر بڵێم بە شەهید کردنی هەموو پێشمەرگەیەکییش و بە هەمان بۆچوونی پڕ تەعەسووبییشت کە خۆشاوی کەراهییەتێکی کوێرانەی لێ ئەتکێت، بێگوناهیی ئەو ڕەفیق حیزبییەی بەعس ئەسەلمێنییت کە هەر دوێنێ کچ و خووشکەکانمانی ئیغتیساب ئەکرد، هاوکات ئەگەرچی کەمێك لە وەسفی وویژدانیانەی کەسایەتیی کاك بەرزانت بۆ ئەخەمە کۆتایی ئەم نووسینە ئامۆژگاریی ئامێزەوە بەڵام دیارە کە من زیاتر تالبیی بەحسە ئەکادیمیەکانم نەك ئەم شەڕە دەنووکە بێ موبەریرانەی کە نامان گەیەنێتە هیچ غایەتێکی داهێنانی نوێ یا لایەنی کەم گواستنەوەی داهێنانە - تەکنۆلۆژیا بە نموونە - ئاساکانی جیهان بە کۆمەڵگاکەشمان، ناچار ئەوە ئەڵیمەوە کە هیچ کام نە لە کاك بەرزان و نە کاك هەڵۆ و ((کە مەرامی گێرە شێوێنیی و نەزۆکی تۆش لە ناو هێنانی ئەو بەرێزەدا و لەم ساتە حەساسەی کە هەردوو لایەنی - پارتیی و یەکێتی - سەرباری هەموو کەم و کووڕییەکی ئاشکرا وەك کوڕی یەك بەرەباب دەستییان خستۆتە ناو دەستی یەکتر مەرامێکی زۆر ڕوونە))، بەڵێ نە هەردوو جەنابی سەرۆك تاڵەبانیی و بەرزانیی و شێخی حەفیدو پێشەوای بابە گەورەو نە گاندیی و کنگ ئارسەر و ماندێلا و هتد و. هتد.. فریشتەی خوای مەعسووم لە هەڵە و تاقانە قارەمانی دەگمەنی بێ کەم و کوورتیی نەبوون و دووبارە و سێ بارە ش وەك ووتم زۆریینەی هەڵە ئەو کەسانە ئەیانکەن کە بەردەوام لە چالاکیی فرە چەشنەی لێپرسراویدان نەك ئەوانەی ناو بە ناو و لە غافڵە نووسینێکی پڕ ئێرەیی و پڕ تەنگە نەفەسیی دووا لنگە فرتێی دیق کردندا و لە پەنای قەڵایەکی داتەپیووی بەکرمەگەوەڕ نشین و ڕیز زیاتر تێکدەردا بێ ئەوەی جیاوازیی ئاسمان و ڕێسمانی ئەمیان قوتابخانەی ڕەخنەی فێرکەر وەك ڕاوێژکارێکی خۆبەخش بۆ سیاسییان و کاربەدەستە کەم ئەزموونەکان و ئەویان سەرەنوێلکی جوێن و تەشهیر بازیی سنووری ئەخلاق بەزێن لێك جوودا بکەنەوە ئیتر لە پشت هەمان کیبۆردی گوێڕایەڵی ناو براو و بێ مەسرەفە وە زرم و هووڕی تاییپی دۆڕاوویی یان ڕۆژە ڕێیەك ئەڕوا، ئەمە لە کاتێکدا بە جوهدێکی جدیی و کەمی خۆ تەسقییف کردن و چەند هەنگاوێ موتاڵای زیاتر ئەتوانن ببنە کادێرێکی نیمچە دیار و بە شۆرەتی زۆر بوواری گرنگی سەکۆی ئەدەب و فەلسەفە و زانستی نێو قەڵەمە مشوور خۆر و ئەکتیڤەکانی کۆمەڵگا و بڕێك گەنجی تری بلیمەت بۆ ئەم جەنەرەیشنە چەواشە و فرە کەبت کراوەی حازر بهێننە حزوور،

کاك بەرزان ئەحمەد کوردە وەك هەر مرۆڤێك

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

29-8-2007 12:54بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

---------------------- --------------------------------

بەرزان هەر لە گەنجییەوە کوڕێکی بە هەیبەت و پۆشاك ئۆرگەناییزی جوان و زەوق سەلیمی پەروەردەی دەستی باوکێکی کەسایەتیی بڕوا بە خۆ بووی ئاغر و بە سەلیقەی بە شان و شەوکەت و خاوەن کۆمەڵێك ئیعتیباراتی ستاتیکیی بە زاهییر لە ڕووی فیزییکییەوە هێوور لە هەنگاو و سەرنج بڵند و بە باتییناییش زەخیرەیەکی پڕ زانیاریی و داتای گرنگی ئەرشییف ئاسای ڕووداو و نەبەردیی و بەشداریی داستانە پێشتر بیستراو و نەبیستراوەکانی مێژووی شۆڕشەکانی کورد بوو، کە تەنها بە دەرفەتێکی لە بار ئەگەر ووتەکانی ڕیکۆرد بکرانایە ئەوا هەر لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوول و گوڵانی مەزنەوە تاکوو شۆڕشی هاوچەرخی نوێ ی کورد بە دەیان دەرسی نوێ ئەکەووتنە بەردەم جەنەرەیشنی نوێی تینووی مێژووی پڕ جەسارەتمان، لیاقەی پۆشتەو بە تەزییمیی مرۆڤییش کە لە زانستەکانی شرۆڤەی کەسایەتییدا - پێرشوناڵیتی ئینڤەستیگەیت - بە یەکێك لە پایە و خەسڵەتە گرنگەکانی کەسایەتیی زرنگ، ووریا، بە ئاگا ئامازەی پێکراوە بۆ هەمییشە لە بۆدی تەکنییك ی کاك ئەحمەدی بەهەشتیی و کاك بەرزان دا وجوودێکی ئاشکرایان هەبوو، ئیلقای پڕ ئوسلووب و سۆڵفێجی گڕ و کورت و کرمانجی زوو ئیستیعاب کراوییش کە خەسڵەتێکی جێ سەرنجی تری کاك ئەحمەدی ڕەحمەتی بوو ئەگەرچی وەك هاو خوێنێك و لە ڕووی فیسیۆلۆژییەوە ئەفێکتێکی ئەرێیانەی لەسەر بەرزانی تەمەن نۆزدە و بیست ساڵانی ئەو کاتە هەبووە و سەرباریشیان ئەگەرچی ئەم زیاتر مەیلی لە گوێگرتنە نەك زۆر و بۆر ووتن بەڵام ئەزموونی پراکتییکیی خوودی کاك بەرزان و بە درێژایی ئەو ساڵانە ی ئاڵ و گۆڕی دایەلۆگ و مومارەسەی سپیچی پشت مایك و دیدار و پێشوازیی و جەولەکانی خۆی بە ناو خەڵکییدا و وجوودیی هەمییشەیی خۆیشی لە موناسەبەکاندا هەڵبەتە لە پاڵ کەم دوویی خۆیشیدا مایەی زیاتر دەوڵەمەند کردنی ئەزموونی ئەکادییمیانەی بوون لە سەرجەم کەوالییسە دیپلۆماتەکاندا، باشە کاکی چەرمەگایی تۆ کامیانت زیاتر لا پەسەندترە! سیاسییەکی - لەگەڵ ڕێزم - لەبلەبانی زمان لووسی سێڵفش و خۆ قووتار کەری دوای سپیچێکی چل فەرع لێکەرەوەی گوێگری ئاسایی زیاتر گێژ و حۆلکەری بفەلسەفێنەری بە ناو پۆست مۆدێرنی جیهانی مەتەڵ ئاسای سیاسەت؟ یاخووت سیاسییەکی خاکیی و سادەی خۆ دابەزێنەر بۆ ئاستی ڕۆشنبیریی گوێ گرێکی فرە ماندووی ڕەنجدەری کەم خوێندەوار؟، ئەوە بۆ زەڕبێکی ڕاست و چەپ بەسەر ئەم مۆدێلی سپیچە لە جەوهەر و ئەسڵدا دزراوەی نەك هەر سیاسییانی بەردەم مایکەکان بەڵکوو ئەو بە ناو ئەدیبە - موفەلسیفە موفلیسە لە خەنناسەتدا بێ مونافییسە ڕەفتار ئیبلییسانەشدا - نە هێنیین کە ئەمە بۆ شانزە ساڵ ئەچێت لە سەدی شانزەی میللەت بێ ئەوەی سوودێکی سیاسیی و چارەی گرفتێکی کۆمەڵایەتییان لێ حاسڵ کردبن کەساسانە چەپڵەی ناچارییان بۆ ئەکووتن؟! کاك عادل ئەڵێت کەس وەك ئێمەی چەرمەگایی بەرزان ناناسێت! سەیرە، کە بە ناوی چەرمەگایەکی هێند ڕۆشنبیر و وەك ناتیقیی ڕەسمی ئەو عەشرەتە ناسراوە و دوای شانزە ساڵ زیاتر تۆ یەکەم چەرمەگایی بیت ئاوا شەلم کوێرم و تاکوو کاك بەرزان نەگەییشتە ئەو پۆستە هاودەنگێکی تری عەشرەتەکەی خۆت تەشهیری ناڕەوای بەو کەسایەتییە گەنجە نەکردبێت، باشە بەر لەوەی بە ئیستینتاجی قسەکانی خۆت ناوی کاك بەرزان قۆناخ بە قۆناخ بچێتە لیستی یەکێك لە ملیاردێرەکانی! جیهانەوە، ئەو دەم بۆ خاتری کەشفی هەقیقەتەکان و ڕێگرتن لە تاپۆ کردنی سلێمانیی و نیوەی ئەستانەش چ وەك ناو و چ وەك قەڵەم لە کوێ بوویت؟! بۆ ئەم وەڵامە ئاسانە ئەبێت سوپاسی کار ئاسانیی خۆت بکەین کە ئەڵێیت کەس وەك من بەرزان ناناسێت و بە دوواشیدا بێ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئاگایانە و لە تاو پەلە پەلی بەخشینەوەی جنێوە تەواو بازاڕییەکانت باس لە لووتکەی نزیکیی خۆت لەو پیاوە ئەکەیت کە وجوودت لە هەموو جێ پێیەکانی ئەودا هەبووە و لە پاڵ ناسیینی کەسانی دەورو بەریی و ناو ئۆفیس و ماڵەکەی و بگرە نمەك کردنییشی و ئاگایی تەواووت لە سەرجەمی قسەکانیی و بۆچوونەکانیی و ئاکارەکانیی و ئەملاك و بەشداریی کۆڕ و موناسەبە و گەڕان و جەولە و بەسەر کردنەوە مەیدانییەکانیی و تا ئەگاتە ئەوەی پێی ئەڵێیت:- دڵنیام ئێستا ئەزانییت کێم! کەواتە لەگەڵ حورمەتم بۆ کەسانی بە ئەمەك و کوردپەروەری دوور و نزیکیی، ئەوەتا بە وەڵامێکی وەك هێلکەی پاك کراوی نەزانیی خۆت و ساڵ و عەیام بێ ئاگاییت لە هەزاران خێزانی ژێر جەمالیۆن و چادر نشینی تینووی یەك پەرداخ ئاوی سارد، بێ ئاگا لە ژان و خەونی سوپایەك گەنجی مەحرووم لە سەعاتێك لەزەتی ژیان، بێ ئاگا لە گەمەی مەرگی بەنزیین و شقارتە و تراژیدیای بلۆك باران کردنی کاروانێك ئافرەتی خاکەکەت، بێ ئاگا لە تۆپباران کردنەکانی بناری قەندیل و قوممەی ئوردون و گیان هەڵقرچانی پۆلیسی بەر هەتاوی فولکە و بێداریی بیست و چوار سەعات پێڵووی دانەخستووی ئاساییشی کەرامەت و سەر پارێزی ئەهلی شارەکەت، بێ ئاگا لە ڕەوتی چالاکیی هەمە چەشنەی سە نتەر و دەیان دەورەی پیشەیی و فیکریی و هونەریی و وەرزشیی مەڵبەندەکەت، بێ ئاگا لە هیلاکەتی جەستەو بیری کادێران و کۆشش و هەوڵ و بە دووادا چوونی کارگەلێك پرۆژەی خزمەتگوزاریی و ئاوەدانکردنەوەی شاری کارگێڕان و بگرە بێ ئاگا لە دەورو هەڵوێستی خوودی خۆت و هتد.. هتد.. زۆر موختەسەر بە سەرجەم خوێنەرانی بەڕێز ئەڵێیت:- ((گەلی برادەرینە، من بە درێژایی ئەم ساڵانە و تاکوو چەند ڕۆژێکییش بەر لەم نووسینە پڕ تەشهیرانەم لە لەوەڕێکی مفت و چەوری پڕ ناز و نیعمەت و لە سای سەری مەرحەمەتی کاك بەرزان دا بە کەماڵی ئیسراحەت و دوور لە سەر ئێشە ئیزعاجەکانی ژانی گەل و هیچ هاریکاریی و هەڵوێستێکی گوایا مەبدەئیانە و وویژدانیانەی خەڵکی ڕەش و رووتی شارەکەم شاگەشکانە ئەلەوەڕام))، تا ئێرە بۆچوونێکی گریمانەی تا ڕادەیەك گرێنتیی و هەڵهێنجراووی نووسینەکەی خۆتە و ئەشێت خوێنەری ووریا و شیکار ووردیی کەمێك بە سەلییقە بە ئیزافەیەکی تەواو کەری دوای شەن و کەوی هەمان خۆ کەشف کردنت بگاتە ئەو بڕوایەی کە پێ دەچێت لە ئاکامی زێدە ڕەووییەکی نا یاسایی ئیداریی و داراییت یا ئەگەری لووت ژەنینت لە فرمانێکی ترافییك سووری ناو پەیڕەوی حیزبیی و زۆر ئەگەریی تریش.. !! ستۆپ ساییێکی لە مێژەوە چاودێر بە سەرتەوە هاند برێکی تەجاووزەکانتی لە ناکاو ڕاکێشابێتیی و دواجارییش زۆر بە حورمەتەوە و پاش کۆکردنەوەی پۆینتی ئینزارەکانی پێشووت، مۆڵەتی چیتر بە زەوق و ئارەزووی خۆت ماشێنی مەسڵەحەت لێخوڕینەکەت لێ سە ندرابێتەوە و وەلاوە نرابییت، بیرمە کاتی خۆی بە یەك دێڕ و هەر لەم -کوردوستان نێت - ە ئازیزەی ((کە موناسەبەیە بڵێم چەندان ساڵە بە تابوور پەڕە نووسینی جار جار شوهرەت خوازی بۆ ئەنێرین و کەچی بۆ چەند دەقیقەیەك گوێمان لە یەك دێڕی خۆی نەگرت و ئەوەتا سێ ڕۆژ دڵیمان یەشان)) وتبووم کە - بەڕێز د. کەمالی سەید قادر لە ڕووی مادی و مەعنەوییەوە بێبەش کراوە بۆیە کەوتۆتە هەلەکە سەما -، کاك عادل بڕوا بفەرموون هەستی تەواو بە ئازاری تۆ و سەرجەم تەشهیر بازە بێ بەڵگەکانی تریش ئەکەم و لە دڵەوە سەرە خۆشیی ئەم بێبەش کردنەتان لێ ئەکەم، ئاخر خۆ خوودی خۆیشم بە عەمەلیاتێکی فەقەرات و دوای ئەم هەموو ساڵانەی ئەرکی کۆرس وەرگرتن و ڕۆح دەرچوونی خوێندن و زیقەی ئەپ دێیتی لە خەو داچڵەکێنە ری بەرە بەیانی کاتژمێرەکەم کە ڕۆژانە بۆ خاتری پەیداکردنی شانزە دۆلار و بیست و پێنج سێنت لە سەعاتێکدا، لە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کۆمپانیا نیوە مردووم ئەکەن، زۆری نەمابوو نزیکەی هەشت ساڵێك لەمەبەر شەیتانی جیهەتێك زۆر زیرەکانە و قەناعەت پێکەرانە بێتە بن کلێشەم و بە ناو هێنانی چەند هەزار دۆلارێك بڕینەوەی مووچەی مانگانە بۆم کە مەگەر تەنها خۆم و خوای دلۆڤان بزانیین ئەو مەبلەغە لێرە چۆن پەیدا ئەکرێت لە خشتەم بەرن و هەر بەم تەنزەی قەڵەمی بەرێزتان بمکەن بە گژ جیهەتێکی نەیاریی خۆیاندا، کاکی چەرمەگایی تاقە یەك قولانجی مابوو کە خۆتان ئاسا لە بیریی ترادیسیۆنالییزمیی کوردانەی باوو باپیرمەوە و بۆ یەکەمجار لە مێژووی خانەوادەکەمدا ئەو دڵی خۆشەویستییەی سەرجەمی حیزبەکان کە بە گەورەترین دیاریی و بەهرەی خواوەندی ئەزانم لە لەحزەیەکی ئاوا حەساسدا بیگۆڕمەوە بە مەسڵەحەتی خشکەیی ئایدیۆلۆژیایەك و قیرووسیا لە وویژدانی پاك و ئەو شتە جوانانە ی تری ناوەوەم بکەم کە ئەمڕۆ نەك هەر قیرووسیا بەڵکوو بۆ خاتریی مشتێ دۆلاری سومعە و عیززەتی نەفس شکێن هەندێك قەڵەمی بێ عیززەت و بێ ئەسڵ و فەسڵ بێ سڵ کردنەوە لە خوود و خواش بە ڕاست و چەپدا و بۆ غایەتی تەشهیر و ناو زڕاندنی نوخبەیەك کەسی دڵسۆز و مەقام باڵا شەوو ڕۆژی بێ هودەیان لە پێناودا کردۆتە وەسیلە؟!

* وە بیر هێنانەوەیەك

---------------------------

عەبقەرییەتی ئیسرائیل بەر لە جەزرەبە سەربازییە ئەژنۆ و لووت شکێنەکەی یۆنیۆی 1967 ی لێدانی هەموو عەرەب کە بە جەنگی شەش ڕۆژە ناسراوە لەوە دا بوو کە پێش چەند مانگێك و هەر بە لێدانێکی پێشوەختی میدیۆلۆژیانە ی تەشهیر و لەکەدار کردنی ناو و کەسایەتیی کادێرە هێشتا گەنج و تازە هەڵچووە هەرە ناسراوەکانی تەیاری لیبرال و سۆشیال دیموکرات و مۆدێرینیزمە چەپی بۆرژوایی و هتدە.. ژمارە هەرە کەمەکانی میسر و بێ هیچ بایەخ دانێك بەو تابوورە سەرکردەو کادێرە کلاسییکیە دەست پێ کرد کە مسۆگەر دەیزانی ئەوانە تاقە دەنگن کە میدیای عەرەبیی بە گشتیی و میدیای جیهانییش زۆر بە تایبەت گوێیان لێ دەگرێ و حیسابی جدییش بۆ دید و بۆچوونەکانیان ئەکات، ئەو تەشهیرو ناو زڕاندنە بێ بەڵگەو بنەمایانەش هێندە سەفتە دۆلار بۆ سەرخستنی پیلانەکانی تەرخان کرابوو، کار گەییشتە ئەوەی کەسێکی وەك حمدی ڕلسعێدی نووسەری فاشیل لە ژێر ناوێکی خوازراو و سەفقەیەکی پێنج هەزار دۆلارییدا کە دواجار و لە وادەی کەشف بوونی دەستەکەیدا هەر خەڵکی سعێد خۆیان لە داریان دا لە گازندەنامەیەکدا بۆ یەکێتیی ئەدیبان نووسیبووی ((مامۆستا هەیکەل وەك کەسایەتییەکی لیبیدو، ساڵ زیاترە بە زەختی نفووز و ناوی سەرۆك ناسرەوە کاری سێکسی لەگەڵ هاوسەرەکەمدا دەکات!!))، بە واتا زۆر جار مرۆڤی ڕانەهێنراو بە فەلسەفەکانی خۆ ناسیین با نووسەرێکی بە تواناش بێت بەڵام - جۆن لووك - ووتەنی کە - زانست هەمووی لە توێی پەڕاودا نییە -، ئێتر هاوشێوەی ناوبراو لە هەموو زەمەن و مەکانێکدا وجوودی هەیە،

سەرەتای کۆتاییەکان

-------------------------------

- بەوەدا کە نووسینەکەی کاك عادل چەرمەگایی سەرلەبەری پیا هەڵشاخان و ناوزڕاندنێکی داخ لە دڵانە و ئاشکرای دژ بە کاك بەرزان بوو چیتر قسە بە هەدەر دانە ئەگەر بڵێم مادام خۆت ووتەنیی هێندە بە کەسایەتیی کاك بەرزان ئاشنا بوویت با لایەنی کەم ڕووە ئیجابییەکەی ئەو پیاوەشت بەیان بکردایە، دەنا ئەقڵی کۆمەڵگایەکی وەك قەندەهاری زەمەنی مەلا عومەرییش نەیئەبڕی کە ئەو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کەسایەتییەی تۆ لێی دوواوییت لە شارێکی سەددام دەرپەڕێنەری وەك سلێمانییدا و لەو کاتانەی تەلەفۆنی بۆ ئەکەم زۆر جار بە یەك حیمایەی پۆشاك مەدەنییەوە لە دوکانی هاوڕێیەکی نزییك خەفاف دا دیژلەمە بخواتەوە،

- وەك عەرزم کردی نە دەیان کاك بەرزان و نە سەدانی وەك منەوەرە پایە بڵندەکانی مامە شێخەکەی دارۆغاشم و سەیید قووتب و حەپسەخانی نەقیبب و مازەر تریسا و هتد.. فریشتە نین بەڵام بۆ وەڵامی دێڕێکی ئەگەرچی زۆر شەخسییشە ئەڵێم:- بە درێژایی ئەو ساڵانەی دوکانی حەمە سووری شەهییدی هاوڕێم و من لە ناو پێشانگای ئۆتۆمۆبێلی سەیوانی کاك ئەحمەدی بەهەشتیی دا بوو سێ قوتابخانەی کچان لەسەر ڕێمان بوون و لە وادەی سەرەتا و کۆتایی دەوامی هەر سێ قوتابخانەکەدا ئەو کوڕە شەرمن و ڕێز لە خۆ گرە - بەرزان - مان دیوە چۆتەوە ناو پێشانگاکە،

- لە فەلسەفە و زانستی ئیکۆنۆمیکدا باس لە هە ر سێ ئەو جۆرە کەسایەتییانە کراوە کە بە باکڕاوندی لێڤڵ جیاوازی - هەبووی باڵا - بۆرژوا و ئۆرستۆکرات هەموو بەشەکانیان بە نموونە، مامناوەند - مالیك و خوردە مالیك بە نموونە، نەبوو- زگماکیی و لە دەست چوو بە نموونە - چۆن لە سەر دەستەڵاتێکی باڵا تری مادیی و مەعنەویی هەڵکەوتوو، دەستکەوتوو، غەزوو، هتد.. بەدەر لە دیاردە شازەکان، چۆن ڕەفتار ئەکەن، یا چۆن ڕابهێنرێن تاکوو تاك و کۆیەکی ئیجابیی و ئەرێیانە ی کۆمەڵ بووژێنەریان لێ بخولْقێنرێت، باسەکان ئێجگار زۆرن، بەش بە حاڵی خۆشم پێگڕای ئەندامانی خانەوادەی کاك بەرزان م چوون ئۆرستۆکراتێکی موحافییزی بارگنییزم (مامەڵە ساز) و کاسپکاری ئەو فەزای پێشانگای ئۆتۆمۆبێلە دییوە و ناسییوە،

- ئێمە و سەرجەم خاوەن کارەکانی نزییك، ، کاك ئەحمەدمان بە خاڵە ئەحمەد بانگ ئەکرد، ئەو جەنابی سەرۆك تاڵەبانیی وەك هاوڕێ و برایەکی هەرە شیرینی خۆی ناوزەند ئەکرد، بەڵام سەرۆك موستەفا بارزانیی بە باوکی هەموو کورد یا ڕاستتر بە جۆرج واشنتۆن ی کورد ناو ئەبرد، پیاوێکی خۆشەویست - کاك حەمە ئەمین - کە زۆر هۆگر و جێی متمانەی کاك ئەحمەد بوو پێی ووتم چەند جار لە خوودی جەنابی مام جەلالم بیستووە کە وتوویەتی:- زۆر موعجیبم بە کەسایەتی ئاغر و پڕ هەیبەتی خاڵە ئەحمەد کوردە،

- کاك عادل باسی کوتلە و کوتلە بازیی کردووە، مرۆڤی کوردی دوورە وولات لە سۆنگەی زۆر حاڵەتەوە کە دیسان باسێکی فرە جەمسەرە زیاتر و بەر لە هەموو شت حەزی بە کوردێنەیە، جا نەخوازەڵا بۆ کەسێکی وەك منییش کە باوکم منداڵی پەروەردەی دەستی شێخی حەفیید بێت، من خۆم ناوی کووتلەکان لە یەك ناکەمەوە، بەڵام بەر لە ماوەیەك هەر خوودی سەرۆك تاڵەبانی کاك بەرزانی بە پیاوێکی خۆشەوویست و ڕێزدار وەسف کرد، دڵنیام بە هەمان مەکانەتی ئیعجابی باوکی سەیری ئەکا،

- من ئاوا کاك بەرزانم ناسییوە و پێرارییش هەر ئاوا بەو ڕێزەوە دییمەوە، حەتمەن زۆر باسی تری ووردو درشتی تریش هەن کە کاك بەرزانی هاوڕێ و برا لە بارەی خەون و خولیاکانی خۆی بۆ دوا ڕۆژی کوردوستانی مەزن زۆر لە دڵەوە هەڵی ڕشتوون بەڵام وەك لە نووسینێکی پێشوومدا و هەر لەم مینبەرە ئازادەی (کوردوستان نێت) ی بەڕێزدا هەڵوێست و ئامۆژگارییە بە نرخەکەی سەرۆك مەسعوود بارزانییم لە سەر وەختی سەردانەکەییدا بۆ زانکۆی دهۆکی دەلال دەربارەی چیتر با کەسایەتی دیکتاتۆر بە دەستی خۆمان نەخوڵقێنیین و لە ڕێی داستانێکی کۆنی - چاینی - یەوە و بە مەبەستی کردنەوەی دەرگایەکی فراوان تر و لێکۆڵینەوەی زیاتر خستبوومە بەر باس، کەواتە مادام هەر خۆیشم وەك بڕوا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەکاتی ناوەندی ئەورووپا 29-8-2007 12:54

پتەوێك بەو هەقیقەتە ڕەهایەی کە کارەکتەری دیکتاتۆر زادەی چەند قۆناخێك گووفتار و ڕەفتاری دیکتاتۆرییەت خوڵقێنەرانە، ئەبێت وەك پراکتیکێکی فیکریی و مەیدانیی سەرەتا لە خۆم و خێزان و کەس و کاری خۆمەوە دەست پێ بکەم و چاودێریی ووردی قەڵەم و گووفتار و ڕەفتارم بم و سۆزو شەوقی هاوڕێیەتییش وام لێ نەکات سوپای عاتیفەتم لە خوودی قەڵای خۆی کە مێشکمە هەڵگەڕێتەوە و وەسفەکانم بگەنە ڕادەیەکی هێند پڕ موبالەغە، کە ڕێی قەڵەمم بۆ نووسینی داهاتوو لەسەر هەمان نەزم خۆشتر کا بۆ ئەو وەسفە زۆرانەی جار جار هەڵەی زەقی بەرامبەرەکەم نەبینێت و ئەوساش وەك بەشدارێکی ڕاستەوخۆ لە بوونیادی تاشە بەردێك لە بناغەی هەیکەلی دیکتاتۆرییەت دا هەم ڕێزی قەڵەم و هەم خوودی هاوڕێکەشم لە کیس بچێت.

---

- ئامریکای باکوور -

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.